جێگەی خەوتنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- كە لەسەری دەخەوت، لە پێستی خۆشەکراو دروستکرابوو کە ناوەکەی بە ڕیشاڵی دارخورما پڕ کرابووەوە

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: جێگەی خەوتنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کە لەسەری دەخەوت، لە پێستی خۆشەکراو دروستکرابوو کە ناوەکەی بە ڕیشاڵی دارخورما پڕ کرابووەوە، ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: ئەو سەرینەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاڵی پێوە دەدا، لە پێستی خۆشەکراو دروستکرا بوو کە بە ڕیشاڵی دار خورما ناوەکەی پڕ کرابووەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

دایکی باوەڕداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵیداوە کە ئەو جێگایەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەری دەخەوت، لە پێستی خۆشەکراو دروست کرابوو، و پڕ بوو لە ڕیشاڵی دارخورما، هەروەها سەرینەکەیشی کە پشتی پێوە دەنا؛ لە هەمان شت دروستکرا بوو.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65820